پەرلەمانتارێکی پارتی:چاوەڕوان دەکرێت بە زووترین کات موچەی هەرێم لەلایەن عێراقەوە بنەردرێت



پەرلەمانتارێکی پارتی ڕایدەگەیەنێت: هیچ بڕبڕستێک لەبەردەم موچەی فەرمانبەرانی هەرێمدا نییە و چاوەڕوان دەکرێت بە زووترین کات موچە لەلایەن عێراقەوە بنەردرێت.

سیپان شێروان، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند کە هیچ بڕبڕستێکی یاسایی لەبەردەم ناردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستاندا نییە، چونکە لە ئێستادا و تا کاتی پەسەندکردنی یاسای بودجە، عێراق کار بە سیستەمی یەک لەسەر دوازدەی ساڵی ڕابردوو دەکات کە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمیشی تێدایە.

ئاماژەی بەوە کرد، کە هەردوو حکومەتی هەولێر و بەغدا پابەندیی خۆیان بە میکانیزم و هەماهەنگکارییەکانی پێشو دوپات کردووەتەوە و چاوەڕوان دەکرێت لە زووترین کاتدا و بەبێ دواکەوتن موچە ڕەوانەی هەرێم بکرێت.

سەبارەت بە چارەنوسی هەڵبژاردنی نێوان هەردوو حکومەت، سیپان شێروان ئاشکرای کرد کە هەردوو حکومەت تا

31-3-2026 لەسەر هەمان هەڵوێستی پێشوی هەنارد‌کردنی نەوت و ناردنی پارە بۆ‌وام دەبن، بەڵام دوای ئەو بڕوارە بابەتێکە دەکەوێتە ناو وردەکارییەکانی یاسای نوێی بودجە.

ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە عێراق کێشەی نەختینەی نییە بەڵکو هەوێوی کورتهێنانی دارایی بوونەوە، بەجۆرێک کە داهاتکان بەشی داپۆشینی تەواوی خەرجییەکانی حکومەت ناکەن.

لە لایەکی دیکەوە، سەبارەت بە هەکارەکانی جێگیرنەبوونی نرخی دۆلار، ئەو ئێندامێی ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی بەوە کرد کە ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنی، پرسی قاچاخی دۆلار و پابەندنەبون بە بڕیارەکانی وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا کاریگەریی هاستوخێیان هەبوە، هاوکات دابەزینی داهاتی نەوت بوونە هۆی کەمبونەوەی لەشاوی دۆلار بە ناو عێراق، ئەمەش وەک تەحەدایەکی گەورە لەبەردەم حکومەتدا ماونەتەوە.